www.kurdistannet.org
6-3-2003 22:02

# بۆ جەماوەری تێكۆشەری كوردستان

دامەزراندنی پارتی چارەسەری دیموكراتی كوردستان زیندوكردنەوەی گیانی ڕاپەرینی گەلەكەمانە، بەبۆنەی یادی ١٢ هەمین ساڵڕۆژی ڕاپەرینە مێژوییەكەی بەهاری ساڵی ١٩٩١ لەباشوری كوردستاندا، پیرۆزبایی لە تەواوی گەلی كوردی تێكۆشەر دەكەین، سەری ڕێزمان نەوی دەكەین لە بەرامبەر هەموو شەهیدانی راپەرین و ڕێگای ڕزگاری كوردستاندا، هاوكات لەم ڕۆژە پیرۆزەدا یەكەمین ساڵیادی دامەزرادنی (پارتی چارەسەری دیموكراتی كوردستان) PÇDK كەنوێنەرایەتی پارتیەكی نەتەوەیی دیموكراتی دەكات لە باشوری كوردستان و عێراقدا، لە سەرجەم گەلی كورد و گەلانی عێراق پیرۆز دەكەین. ئاشكرایە كە ڕاپەرین لە دوا ساڵەكانی سەدەی بیستەم بۆ گەلەكەمان لە باشوری كوردستان و بەشەكانی دیكەی كوردستان بوو بە نیشانەی بەرخودانی نەتەوەیی و هەڵوێستی كوردان دژ بە هەموو جۆرە زوڵم و داگیركەریەك لە سەر خاكی كوردستاندا بوو بە گڕو كڵپەی تۆڵەسەندنەوەی دڵی هەر كوردێكی چەوساوە كەلە دژی سیاسەتی كۆمەڵكوژی ڕژێمی دكتاتۆری عێراق و هەڵەبجەو ئەنفال ڕاپەری. خواست و ئیرادەی سیاسی گەلەكەمان بو بە جێگرتن و بەدەستهێنانی ناسنامەیەك لەنێو ئەم قۆناغە نوێیەی گۆڕانكاریدا كەلە دوای هەڵوەشاندنەوەی سیستەمی دووجەمسەری جیهاندا دەستی پێكردبوو. هەروەها هاودەنگ بونی ڕاپەرینی باشور لە گەڵ سەرهەڵدانەكانی جزیرە، نسێبین و ماردینی باكوری كوردستان و بوێرانە دەستی بەچەكبونی ژن و پیاو پیرو لاوو مناڵی كورد و سنوری كۆیلایەتی و هەڕەشەی داگیركارانی تێكدەشكاند و گوزارەی لە بڕیارو سوربونی گەلەكەمان دەكرد بۆ ئازادی. بەمەش كوردان بەگشتی لە هەموو قۆناغێك زیاتر نزیكی ئامانجی سەركەوتن بونە و ئامادەبوون بۆ پێشوازی كردن لە سەدەی ٢١مین وەك سەدەی چارەسەری كێشەكان، بۆیە دەوڵەتانی داگیركەری كوردستان و زلهێزە جیهانیەكان بەهەمان هزر و سیاسەتی پەیمانی لۆزان بە ئامانجی سەركوتكردنی كوردان دەستكەوتەكانی ڕاپەرین لە هەوڵداندا بوون. دامەزراندنی پارتی چارەسەری دیموكراتی كوردستان PÇDK زیندوكردنەوەی گیانی نەتەوەكەمانە، بەبۆنەی ١٢هەمین ساڵڕۆژی ڕاپەرینە بەشكۆیەكەی بەهاری ساڵی ١٩٩١ لەباشوری كوردستاندا، پیرۆزبایی لە تەواوی گەلی كوردی تێكۆشەری باشور دەكەین و، سەری بەرزمان نزمدەكەین لە بەرامبەر هەموو شەهیدانی راپەرین و ڕێگای ڕزگاری كوردستاندا، هاوكات لەم ڕۆژەدا یەكەمین ساڵڕۆژی دامەزراندنی پارتیمان (پارتی چارەسەری دیموكراتی كوردستان) PÇDK كەنوێنەرایەتی پارتیەكی نەتەوەیی دیموكراتی دەكات لە باشوری كوردستاندا، لە سەرجەم گەلی كورد و گەلانی عێراق پیرۆز دەكەین. ئاشكرایە كە ڕاپەرین لە دوا ساڵەكانی سەدەی بیستەم بۆ گەلەكەمان لە باشوری كوردستان و بەشەكانی دیكەی كوردستان بو بە نیشانەی بەرخودانی نەتەوەیی و هەڵوێستی كوردان دژ بە هەموو جۆرە زوڵم و داگیركەریەك لەسەر خاكی كوردستاندا. بو بە گڕو كڵپەی تۆڵەسەندنەوەی دڵی هەر كوردێكی چەوساوە كەلە دژی سیاسەتی كۆمەڵكوژی ڕژێمی دكتاتۆری عێراق و هەڵەبجەو ئەنفال ڕاپەری، خواست و ئیرادەی سیاسی گەلەكەمان بوو بە جێگرتن و بەدەستهێنانی ناسنامەیەك لەنێو ئەم قۆناغە نوێیەی گۆڕانكاریدا كەلە دوای هەڵوەشاندنەوەی سیستەمی دووجەمسەری جیهاندا دەستی پێكردبوو. هەروەها هاودەنگ بونی ڕاپەرینی باشور لە گەڵ سەرهەڵدانەكانی (جزیرە و نسێبین و ماردین) ی باكوری كوردستان و بوێرانە دەست بەچەك بوونی ژن و پیاو پیرو لاوو مناڵی كورد سنوری كۆیلایەتی و هەرەشەی داگیركەرانی تێكدەشكاند و گوزارەی لە بڕیارو سوربونی گەلەكەمان دەكرد بۆ ئازادی، بەمەش كوردان بەگشتی لە هەموو قۆناغێك زیاتر نزیكی ئامانجی سەركەوتن بونەوە بۆ پێشوازی كردنی سەدەی ٢١مین وەك سەدەی چارەسەری كێشەكان، بۆیە دەوڵەتانی داگیركەری كوردستان و زلهێزە جیهانیەكان بە هەمان هزر و سیاسەتی پەیمانی لۆزان لەپێناوی سەركوتكردنی كوردان و لەناوبردنی دەستكەوتەكانی ڕاپەرین بەدرێژایی ١٢ساڵ لە هەوڵ و پیلانگێڕی پاكتاوكردنی گەلەكەماندا بووە كەهەتا ڕۆژی ئەمڕۆش بەردەوام دەكات. سەرباری ئەوەی گەلەكەمان لە باشوری كوردستاندا بەرەنج و ماندوبونی خۆی گەلێك پێشكەوتنی گرنگ و ئەزمونێكی بەرچاوی بەدی هێنا، هاوكات ئەمڕۆ بۆتە خاوەن تێڕوانینێكی ڕاستەقینە و دەركی بە گەلێك لاوازی و تاوانی هێزە سیاسی و دەسەڵاتدارانی كوردیش كردووە، كەچۆن بۆ بەرژەوەندی تەسكی حیزبایەتی وابەستەییان بە دەرەوە كوردستانیان كرد بە مۆڵگەی شەڕی ناوخۆ و ململانێی نێو نەتەوەیی و دژایەتی كردنی بزووتنەوەی ڕزگاری خوازی گەلی كوردستان. ڕونبۆتەوە كە ئەو هێزە باڵادەستانەی كورد لە جێی پەیڕەوكردنی سیاسەتێكی دیموكراتیانەو بەهەندگرتنی هێزی گەل سیاسەتی بێ ئیرادەیی و بێ ناسنامەییان بەسەر گەلدا سەپاندووە، هەروەها هێز و دینامیكیەتی چین و توێژەكانی نێو كۆمەڵگایان لە پەل و پۆ خستوە، هەڵبەتە سیاسەتێكی بەم ڕەنگە، نەك تەنیا لادانە لە ئامانجی ڕاپەرین و چارەسەری لەگەڵ خۆیدا ناهێنێ، بەڵكو زەمینە خۆشكردنیشە بۆ پەیڕەوكردنی سیاسەتی هێزەكانی دەرەوە و ڕێگا لە پێش داگیر كاری و دەستێوەردان ئاواڵە دەكات. لەم میانەدا دەستێوەردانی سەربازی ئەمریكا بۆ سەر عێراق هەڵپەرستانی دەوڵەتی توركیا بۆ داگیركردنی كوردستان و بەڕێوە بردنی سیاسەتی نكۆڵی و گۆشەگیری گوزارشت لە ڕاستی ئاماژەپێكراو دەكات. ئەم هێرشەی توركیا و

سیاسەتی ئەمریکا کە کوردان تەنیا بۆ بەرژەوەندی خۆی بەکاردێنێ و ڕەستەوخۆ هێرشێکە بۆ سەر ئەزمون و دەستکەوتەکانی ڕاپەرین و پیلانگێڕیەکی نوێیە بۆ ئەوەی لە سەدەی بیست و یەکەمدا جارێکی دیکە کوردان بێ قەوارە بهێڵێت و لە جیاتی چارەسەریەکی دیموکراسیانە، هەڵەبجە و ئەنفالێکی نوێ بکەنە مولکی نێو چاوانی.

پارتیمان (پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان) لەنێو بارودۆخێکی هەستیار و دژواردا، لە دژی بنبەستبون و سیاسەتی بێ چارەیی هێزەکانی باشور و عێراقدا، بە ئامانجی درێژەپێدانی گیانی ڕاپەرین گەیاندنی گەل بەسەر کەوتن لە سەربنەمای شارستانی هاوچەرخ و ستراتیژیەتی (عێراقێکی دیموکراتی-کوردستانێکی ئازاد) تێکۆشانێکی چڕو پڕو ساڵێکی پڕ لەپێشەوتنی لە دوای خۆیدا هێشت. پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان کە ٢٠٠٢/٣/٥ی وەك ڕۆژی دامەزراندنی خۆی ڕاگەیاند، ئەمڕۆ بە ڕەنج و تێکۆشانی خۆی بوەتە وەفادارترین هێز بۆ یادی ڕاپەرین و ڕێگر لە دوبارەبونەوەی هەڵەبجەو ئەنفالی نوێدا. لەماوەی ساڵێکدا لە پێناوی چارەسەرکردنی کێشەکانی گەل لە لایەنی سیاسی و ئایدۆلۆژی کۆمەڵایەتی و پێشەنگایەتی کردنی قۆناغی ئاشتی و دیموکراسی کردۆتە شێوازی سەرەکی کار و خەباتەکانی و بێ هیچ دودڵیەك بەرژەوەندیەکانی گەل و کۆمەڵگای خستۆتە پێش هەموو بەرژەوەندیەکی حیزبایەتی و کەسێتیەوە. بوێرانە لەلایەنی ئایدۆلۆژی، سیاسی و دیبلۆماسیەوە لە دژی هەموو پیلان و هێرشی کۆنەپەرستەکاندا هەڵوێستێکی نەتەوەیی دیموکراسی سەربەخۆ بووە، بێ گومان پارتیمان لە هەڵومەرجێکی بابەتی و گونجاودا دەرکەوت و پشت ئەستور بە میراسێکی دەوڵەمەند هەنگاوی هەڵهێنا بۆیە لە ماوەیەکی کورت توانیویەتی بۆ لێگەڕینەکانی گەل ببێتە هێزێکی متمانە پێکراو. هەربۆیە لە زۆر دەڤەری وولات و هەندەرانیشدا، ڕێکخستنی خۆی جێگیرکردووەو لە لایەن هەزاران کەسێتی گروپ و خەڵکی نیشتیمان پەروەر بەگەرمی پێشوازی لێکرا. هەروەها بۆ پاراستنی بەهاکانی گەل لە هێرشەکانی دوژمن هێزی بەرگری نەتەوەیی و پارتیزانانی چارەسەری کە هێڵی پاراستنی ڕەوا بەبنەما دەگرن بنیاد ناو، ڕۆژ بە ڕۆژ لە نێوگەلدا زیاتر ئەناسرێن و لە گەشەو پێشکەتن دایە، هەر لەم ڕێگایەدا بە دەیان ئەندام و لایەنگری پارتیمان بۆ بەلاوەنانی سیاسەتی پارچەگەری، هەموو ئەو کۆسپ و تەگەرانەی کە لە پێش کارو خەباتی بەفەرمی بونی پارتیمان دەردەکەون، بەدڵسۆزیەوە بەڵێنی گیان فیداییان داوە بەگەل و دەرئەنجام لەلایەن هێزە نەتەوە پەرستە سەرەتایی و ڕوبەڕوی گەلێك فشار و توند و تیژی بونەتەوە، شەهیدان (هەڵۆ و ڕێزان) یش نمونەی ئەو شەهیدە گیان فیدایانەن کەلە ڕێگەی ئاشتی و دیموکراسیدا بە دەستی هێزە شەڕخوازەکان شەهید کراون. لەهەمان کاتدا دامەزراندنی تەڤگەڕی ژنانی ئازادیخوازی کوردستانیش یەکێکە لەو هەنگاوە گرینگانەی کەناوەندی ژنانی (PÇDK) بەکۆنگرەیەك لە ٢٠٠٢/١٢/٢١دا لەسەر بنەمای ئایدۆلۆژیای ڕزگاری ژن بە فەرمی ڕاگەیەنرا هەنوکەش بەبانگەشە و سوربونێکی مەزنەوە هەوڵ دەدەن پێشەنگایەتی بکات بۆ پێشخستنی تێکۆشانی ئازادی ژن و ئاواکردنی کۆمەڵگایەکی دیموکراتی لە باشوری کوردستان و عێراقدا، ئەمانە و گەلێك هەنگاوی دیکەی گرنگ لە بواری جیاجیادا هەڵێنراون ئەمڕۆکەش خاوەن گەلێك پرۆژەی چارەسەریە بۆ ئایندەی عێراق و باشور و بەردەوام لە برەودانی پێشکەوتن و ئافراندنی نوێ دایە. لەم ڕوانگەیە بەڕاشکاوانە دەردەکەوێت کە پیرۆزکردنی ساڵڕۆژی دامەزراندنی پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان PÇDK و ڕاپەرین لە یەك ڕۆژدا هەروا شتێکی ڕێکەوت نیە، چونکە پارتیمان لەسەر بنەمای میراسی ڕاپەرین دامەزراوە و ئەمڕۆکەش هێز و زیندوکردنەوەی ڕوحی گەلە لەقۆناغی نوێدا، هێزی پێشەنگی چارەسەری و دیموکراسی و بەرپەرچدانەوەی هێرشی داگیرکاری دەوڵەتی تورکیایە، هاوکات لە بەرامبەر دەسەڵاتی ئیمپریالیزمی ئەمریکا و دەسەڵاتی ئۆتۆکراسی عێراقدا نوێنەرایەتی دەسەڵاتی دیموکراسی گەل دەکات، کەتاکە ڕێگای چارەسەری کێشەکانە. هەروەها پارتیمان لە گەڵ تەواوی پێشکەوتن و گۆڕانکاریەکانی ناوچەکە و جیهاندا لەهەموو لایەنێکی سیاسی ڕێکخستنی سەربازی و ڕاگەیاندنیەوە لەو پەڕی ئامادەکاری دایە و بۆ ئەمەش لە پێناوی سەرخستی کاروانی ڤەبونی دیموکراسی کە ناوی هەڵمەتی سەرکەوتنمانە لەم قۆناغەدا تەواوی هێز و توانامان سەفەر بەردەکەین لەگەڵ یادی ١٢هەمین ساڵڕۆژی ڕاپەرین و پیرۆزکردنی یەکەمین ساڵڕۆژی دامەزراندنی پارتیمان جارێکی تر بەلێنمان نوێ دەکەینەوە کە بێ وچان درێژە بە تێکۆشانمان بدەین.

## بۆ تەواوی پارت و ڕێکخراو و هێزە سیاسیەکان

لە قۆناغێکدا دەژین کە لەوە زیاتر مێژوو دەرفەتی پارچەپارچەیی و لێك دوربونمان پێ نادات، دەبێ بزانرێت ئەو هێرشە ئەورۆکە دەکرێتە سەر سەرۆك ئاپۆ، هێزەکانی KADEK-PÇDK هاوکات پیلانی پاکتاوکردنی گەلی کورد و تەواوی پارت و ڕێکخراوە سیاسیەکانی دیکەشە. بۆیە پێویستە دوایی بهێنرێت بە چاوەڕوانیکردن لە هاتنی هێزێکی دەرەکی بۆ ڕزگارکردنمان، بۆیە پێویستە دەست بدەینە دەستی یەك و یەکێتیەکی نەتەوەیی بە هێز ئاوا بکەین. چونکە تاکە ڕێگای دوبارەنەبونەوەی تراژیدیای هەڵەبجەو ئەنفال بەو یەکێتیە سەقامگیر دەبێ. بۆیە بانگ لە تەواوی پارت و ڕێکخراوە سیاسیەکان و هەموو عەشیرەت و کەسێتی و گروپێکی نیشتیمان پەروەر دەکەین لە باشور و عێراقدا لە دەرەوەی وولاتیش هەڵوێستێکی بەرخۆدانی نەتەوەیی سەربەخۆ نیشان بدەن و دەڵێین ئیدی کاتی ئەوە

هاتوە بەشێوەیەکی کردارییانە خاوەندارییەتی لە دەستکەوتەکانی ڕاپەڕین بکەین و پەند لە کەموکوڕییەکانی ١٢ساڵی ڕابوردومان دەربخەین.

لەم بارەیەوە ئێمە وەك پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان وەکو هەموو جار ئامادەین بۆ هەموو ڕێکەوتن و بڕیارێکی هاوبەش.

## بۆ گەلی کورد و بەرخودان ڤان و نیشتیمان پەروەر

لەکاتێکدا کەیادی ڕاپەڕینە شکۆدارەکەی بەهاری ساڵی ١٩٩١ دەکەینەوە! شانازی بەوەدەرنانی ڕژێمی سەدام دەکەین لە کوردستان دەبینین بە دەیان هێز و دەوڵەتی عێراق بازرگانی بە چارەنوسمانەوە دەکەن، بۆیە بەسەدان هەزار مرۆڤی کورد لە هەرچوار لای جیهاندا هەڵساونەتە سەرپێ و ڕاپەڕینی سیاسیی و دیموکراسیان کردۆتە شێوازی ژیانیان. لە پێناو ئازادی و بۆ ڕێگرتن لە سیاسەتی نکۆڵی و قڕکردن حەسانەوەیان لە خۆیان حەرام کردووە ئەمەش بەرهەمی شۆڕشی دیموکراسی نەتەوەیی و هێزی سەرۆك ئاپۆیە کە دەنگ و ئیرادەی کوردی یەکخستوە بۆیە پێویستە دەنگی خۆمان لەگەڵ سەرهەڵدانەکانی باکور و ڕۆژهەڵات و باشوری ڕۆژئاوا و دەرەوەی وولاّتدا بکەینە یەك و لە دەوری PÇDK و هێزە دیموکراتخوازەکاندا کۆببینەوە، مەیدان و کۆڵاّن و شەقامەکان بێ دەنگ نەهێڵین لە دژی هاتنی سوپای تورکیا بۆ باشور و گۆشەگیرکردنی سەرۆك ئاپۆ نیشاندانی هەڵوێستێکی نوێی وەك ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١پێویستیەکی ژیانی و ئەرکێکی دەست لێ بەرنەدراوە، بۆ ئەوەش بەهەموو بەرخودانێکی نەتەوەیی بەو ڕەنگەش پێویستە چین و توێژەکانی کۆمەڵگا بەگشتی و ژنان و لاوان بە تایبەتی لە ولاّت و دەرەوەی وولاّتدا پێشەنگایەتی بۆ ڕاپەڕینی گەل بکەن و هاوشانی پارتی زانانی چارەسەری لە بەرامبەر دوژمن چەك هەڵگرن. بانگ لە خوێندکاران، ڕۆشەنبیران، هونەرمەندان و کارمەندانی تەواوی دامودەزگاکانی باشوری کوردستان و عێراق دەکەین کە بە چالاکی خۆپێشاندان و مانگرتن و کۆبونەوەی بەرفرە بۆ بەشداربونی هەڵمەتی کۆکردنەوەی ئیمزادا هەڵوێست و دەنگی نارەزایی بگەیینە تەواوی جیهان و هەتا لەشکرێکی دوژمن لەسەر خاکی ولاّت بێت و دوایی بەسیاسەتی گۆشەگیری دژ بەسەرۆك ئاپۆ نەهێنرێت و ڕانەوەستێنرێت! پارتیمان PÇDK بۆ پێشەنگایەتی کردنی بەرخودانی نەتەوەیی و دەستپێکردنی ڕاپەڕینی نوێ ئامادەیەو هەرگیز لەگەل دانابڕێت. لەدوایی دا دەڵێین بایادی ١٢هەمین ساڵڕۆژی ڕاپەڕینی گەل و یەکەمین ساڵڕۆژی دامەزراندنی پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان بکەینە هەوێنی ڕاپەڕینی نوێ و بەدەستی خۆمان چارەنوسی خۆمان دیاری بکەین.

**-بژی یادی ڕاپەڕینی شکۆداری گەلەکەمان.**

**-بژی پێشەنگی ڕاپەڕینی قۆناغی نوێ** PÇDK.

**-بژی سەرۆکی نەتەوەییمان سەرۆك ئاپۆ.**

**-بمری سیاسەتی نکۆڵی و گۆشەگیری سەرکوردان.**

**٢٠٠٣/٣/٥**

**ئەنجومەنی پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان**